## لە خوێنی شیعرم ئەچن .. شیرین !



هەمووتانم خۆش ئەوێ لە تەنیاییم ئەچن

بمبەخشن ناتوانم ڕقم لێتان بێ

بمبورن ناتوانم فەرامۆشتان کەم

بمبەخشن نازانم بتاندۆڕێنم ...

هەمووتان ، پێکەنینەکانتان ، قسەکانتان

هەمووتان ، توڕەبوونەکانتان ، بێدەنگییەکانتان .!

لە ڕۆحی تەڕی بەربارانم ئەچن

لە سەفەری بێ هاتنەوەم

لە دەست و پەنجەی ونی ناو سەوزەگیام

لە دڵی پیری ناو سرووشتی گەنجم

هەمووتانم ئەوێ ، هەمووتانم خۆش ئەوێ .!

گەر فرمێسکم لێ بکەوێ

چاوی ئێوەم هەیە

گەر دەنگم لێ ون بێ

زمانی ئێوەم لایە

گەر فڕینم بکەوێتەخوار

باڵی ئێوەم پێیە

گەر بۆنم هەڵوەرێ

دارعوودی ئێوەم ماوە

گەر پێکەنینم پەژمووردەبێ

خۆ لێوی ئێوەم پێ یە ، خۆ قاقای نیانی ئێوەم هەیە ...!

لە غەریبیم ئەچن جوانن
لە خوێنی شیعرم ئەچن .. شیرین
لە مانای پەنجەرەی والآم ئەچن گەشن
لە ئاسمانی هەناسەم .. ڕۆشن
نایەڵم قوفڵەکان دەمی دەرگاکانتان بخۆن
نایەڵم بە تەنیا با گاڵتەتان پێبکا
نایەڵم مەرگ پیاسەتان بۆ بکرێ
نایەڵم خونچەتان بخەوێ ...!
فریشتەی بەر پەنجەرەی تورەبوونمن
کاتێ لە بێکەسیدا پێکەنینم پێ ئەخۆنەوە
ڕۆحی دوای کوژرانی منن
کاتێ دەبمە هەزارانتان
خۆشمەوێن ، لە بێدەنگیی قسەکردنم ئەچن
خۆشمەوێن ، لە هاواری نەبیسراوم ئەچن ...!
لە خۆم ئەچن .. شێت
ئاخر لە خۆم ئەچن ... عاشق
نوێژم بێ ئێوە بێ قیبلەیە
قیبلەم بێ ئێوە ون
پیاسەم ڕەشمارێکی تەنیای هەزاران کونە
پێم شەقام ناناسێتەوە
لەناو هاوارێکا ئەکەوم
بە چرنووکی نەخۆشییەکەوە سەرئەنێمەوە
خەیاڵێکم بەدەست تۆپێکی یارییەوە
کە سکونەت و ماڵی دانیشتنی نییە
بێ ئێوە مانگی ڕوخاوی سەر تەوێڵی دەریایەکم
کە ڕاکردنی کەشتییەك تەفروتونای ئەکا ..!
ئێوەم ئەوینمە
ئێوەم زەمینمە
ئێوەم ... تۆوی هەمیشەیی پێکەنینمە
خۆشمئەوێن لە ڕۆحی مەزنی سەرکەوتنم ئەچن
خۆشمئەوێن لە جەستەی ساغی داهاتووم ئەچن !